# ئەبێ یاری بە ئاگر کەی

شیعری

حەمە کاکەڕەش
سوێد

تۆ چەترەکەت لە ژێر بارانا هەڵدەدەی
تا تەڕنەبی
خۆناتوانی ڕێ لە بارانی
ڕوانینەکانم بگری
تۆ چۆن گڵاسێك ئاو ئەڕژێنیتە ئینجانەی گوڵەکانەوە
ئاوا ئەڕژێمە چاوتەوە
تاتینوێتی گوڵی چاوەکانت بشکێ
کەئەت بینم
تەواو مناڵ دەبمەوە
پیری کاڵمان دەکاتەوە
بۆڕێ لە عشقی من دەگری
بابەعەشقەوە بسووتێن
مردن ژیانی ناخۆشکردووە
پەنجەرەیەك نیە مردن نەیشکێنێ
ئاوێك نیە مردن وشکی نەکاتەوە
دەرگایەك نیە مردن نەیترازێنێ
ڕێگایەك نیە مردن بۆ خۆی نە بیاتەوە
کەسێك نیە مردن نەسڕێتەوە
ئاگرێك نیە مردن نەکوژێنێتەوە
لەم بیابانی ژیانەدا
عاشق نەبین چۆن گوڵ لەدڵمانا ئەڕوێ
ئەبێ چیترمان پێبکرێ عاشق نەبین
بۆڕێ لە عەشقی من دەگری چی ڕوئەدات
ئەگەربە بۆنی گوڵەکانت مەستم کەی
چی ڕوئەدات ژیان بە ماچ بنووسینەوە
بۆ وەك مردن وەك تەنیایی پەستم ئەکەی
بۆچی نابێ ئەگەر یاری بەئاگر کەین
بۆچی نابێت ئەگەر بڵێن بەردیش نەرمە
باوەك باران تینوێتی ژیان بشکێنین
لەبەفرەوە ئەبێ وانەیەك فێربین
چۆن بەکپی ئەچێتەوە
لە چاوی ئاگر پروانین
هەتا دەمرێ سەما دەکات
ئەبێ ئێمەیش سەمابکەین
سەمای عەشق
سەمای فڕین
سەمای ڕوانین
سەمای خەیاڵ
سەمای وەرین
سەمای کازیوەی بەیانی
تاژیان پربێ لەجوانی
ئەبێ ژیان ڕەنگڕێژ بکەین
بەڕەنگەکانی عشق

بەبێ عەشق ون ئەبین
لەدارستانەکانی ژیاندا
بەبێ عەشق تەنیا دەبین
لە کۆڵانەکانی ژیاندا
ئەگەر باڵەکانی عەشق نەبێ
ناتوانین بۆن بەئەستێرەیەکەوە بکەین
ئەگەر چاوەکانی عەشق نەبێ
شوێن پێی پەپوولەیەك
نابینین بەدڵی باخچەوە
عەشق نەبێ
ناڵەی ژنێکی تەنیا نابیستین
بەبێ گۆرانیەکانی عەشق
ئەم کاولەی ژیانە ئاوەدان نابێتەوە
ئەبێ عاشقی باڵندەیەك بین
لەکاتی فڕیندا
ئەبێ عاشقی گوڵێك بین
لەکاتی وەریندا
ئەبێ عاشقی باران بین
لەکاتی bariندا
نابێ هەر عاشقی شتە عادەتیەکان بین
تا پاسەنگی ژیان تێك نەچێ
ئەبێ عاشقی زەڕەی کەر و
بۆڕەی مانگاو
میاواندنی پشیلە
وڕەی تراکتۆر
قوقە قوقی کەڵەشێر
زیکە زیکی سیسرك و
لورە لوری گورگ و
نەڕە نەڕی شێربین
ئاساییە لەژوورەکانماندا
لەجێی وێنەی سیاسیەك
وێنەی پەتاتەیەك هەڵواسین
ئاساییە ئەلبومەکانمان
پڕبن لەوێنەی بەتاڵ
ئەگەر عاشق بین
هەمووشتەکان هاوڕێمانن
ئەگەرعاشق نەبین
ناتوانین هیچ بین